# مالیکی:ئەنجومەنە خۆجێییەکان چارەسەری ئەو ناهاوسەنگییە دەکەن کە پارێزگاکانی گرتووەتەوە

ئەمڕۆ دووشەممە،نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند ئەنجومەنە خۆجێییەکان چارەسەری ئەو ناهاوسەنگییە دەکەن کە پارێزگاکانی گرتووەتەوە و داوای لە هەمووان کرد بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن.

مالیکی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە دوای دەنگدانەکەی ئەنجامدرا وتی " هەڵبژاردنە خۆجێییەکان بە ویست ومکووڕبوونێکی بەرز بەڕێوەچوون"ئاماژەی بەوەشکرد "حکومەتە خۆجێییەکان بەرەو پرۆژەکانی بنیاتنانەوە و ئاوەداکردنەوە هەنگاو دەنێن".

وتیشی، "ئەنجومەنە خۆجێییەکان چارەسەری ئەو ناهاوسەنگییە دەکەن کە کاریگەری لەسەر پارێزگاکان هەیە" و ئاماژەی بەوەشکرد "بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی نابێت."

مالیکی سوپاسی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کرد کە سەرکەوتوو بوون لە ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردندا و ئاماژەی بەوە کرد کە "دیموکراسی لە سندوقی هەڵبژاردنەوە دەست پێدەکات."